# ئیسلامی سیاسی و خەتەرێکی دیکە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای کوردستان!

**محسن کریم**

ماهیەتی دواکەوتوانەو کۆنەپارێزی بزووتنەوەی کوردایەتی، دژایەتیکردنی هەردوحیزبی دەسەڵاتداری کوردستان لەگەڵ مەدەنیەتو ئازادیخوازیو یەکسانیخوازیی کۆمەڵگای کوردستانو سیاسەتی دوژمنکارانەو سەرکوتگەرانەیان بەرامبەر بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیستیو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بواری بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان کردۆتەوە کە سەربەرزبکەنەوەو ببنە هەڕەشەیەکی دیکە بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵگای کوردستان.

بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لەماوەی رابردوودا تەنها لەپاڵ دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبەدا توانیویانە چالاکی میلیشیاییو تیرۆریستی خۆیان بەڕێوەبەرن، خۆیان قەڵەوبکەن، هەڕەشە لە ئازادیخوازانو ژنانو کەسایەتی چەپو سیکولاری کوردستان بکەنو کەشوهەوای سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستان بە دوکەڵی بیروبۆچوونو ئەفکاری نامۆو دژی ئینسانیان ئالودە بکەن. بەپێچەوانەشەوە، خەڵکی کوردستان هەرکاتێك فرسەتێکیان دەست کەوتبێت، هەرکاتێك هەستیان بە کەمبوونەوەی فشاری پشتیوانی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە ئیسلامیەکان، لەسەرخۆیان کردبێت، هەوڵیان داوە کە زەربەی جدییان لێ بدەنو ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستانیان لێ پاك بکەنەوە. بۆیە سەرباری ئەو هەموو پشتیوانیەی رژێمی ئیسلامی ئێرانو پارەوپوولی شێخنشینەکانی خەلیج بۆیان، ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە دەورێکی کاریگەری هەبێت لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستاندا.

دوای روخانی رژێمی بەعس، زەمینەی سیاسی ئەوە فەراهەم بوو کە کۆمەڵگای کوردستان یەخەی خۆی لە ئیسلامی سیاسی قوتار بکات و سکولاریزمو مەدەنیەت ببوژێتەوەو گەشە بکات. خەڵك ئەم ئیحساسەی لا دروست بوو کە نەمانی خەتەری بەعس بوارێك بۆ وەگەڕکەوتنی ئیرادەی ئەوان دەکاتەوە. ئەو ئیحساسەیان لا دروست بوو کە نەك هەر دەتوانن باجی موجامەلەی پارتیو یەکێتی لەگەڵ تیرۆریستانی ئیسلامیدا نەدەنو تەریکیان بخەنەوە لە گۆشەیەکی کۆمەڵگاداو پاشان بیانکەنە دەرەوە، بەڵکو ئامادەش نابن ملهوڕیو زوڵمو نایەکسانیو گەندەڵیو مشەخۆریی دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیست قبوڵ بکەن.

ئەم خواستو ئومێدەی خەڵك کاتێك بەئاکام دەگەیشتو جێبەجێ دەبوو کە ئەو فرسەتەی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کوردستان بە قازانجی خەڵك هاتبوە پێشەوە، بقۆزرێتەوە. ئەویش ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازادو جیاکردنەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو لە کوردستان. بەڵام ئەحزابی کوردایەتی دەسەڵاتدار هەوڵیاندا کە خواستی جیابوونەوەی خەڵك بکەنە مایەی سیاسی فیدراڵیزمە قەومیەکەیانو رێگەیان بەخەڵكو ئەوهێزەی کە خاوەنی ئەم سیاسەتە بوو، واتە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، نەدا کە ئەم خواستە عەمەلی بکەنەوە. بەمجۆرە کوردستان کەوتەوە ناوگێژاوی بارودۆخی شێواوو نا ئەمنو مەترسی شەڕی میلیشیا میللیو مەزهەبیو ئیسلامیو عەشیرەتیەکانی عێراقەوە.

ئەم وەزعیەتە، لەگەڵ فەزای سیاسیی ئیسلامیزەکراوی عێراقدا، دوبارە فرسەتی ئەوەی ژیاندەوە کە تیرۆریزمی ئیسلامی لە کوردستان سەر ڕاست بکەنەوە. ناسیۆنالیزمی کورد کەوتەوە چاوبرکێ لەگەڵیان. لەوەخراپتر، چەتەییو دزیو مشەخۆریی بەرپرسانی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە، دەرفەتی بۆ ئەوە کردەوە کە ئەم تیرۆریستانە بەناهەق ئیدعای دژی گەندەڵی بکەنو لە گاڵتەجاری هەڵبژاردندا بەشێك لە دەنگی خەڵکی داخ لەدڵ لە پارتیو یەکێتی بۆخۆیان بەرن!!

بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی لە عێراق لە ئاکامی شەڕوداگیرکاری ئەمریکادا، دەوری راستەوخۆی رژێمی ئیسلامی ئێران لە پشتیوانیکردنو بەهێزکردنی تاقمە ئیسلامیەکانی شیعە کە ناوچەکانی خوارووی عێراقیان خستۆتە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوەو لە ناوچەکانی ناوەراستیشدا دەسەڵاتیان پەیداکردووە، نەخشی رژێمە ئیسلامی- ناسیۆنالیستیەکانی عەرەبی ناوچەکەش لە پشتیوانیکردنی پاشماوەکانی بەعسو ئیسلامی بنلادنیو. . . تاد. کە بەناوی "موقاوەمە"ی داگیرکاری ئەمریکاوە فرسەتێکیان بۆ خۆ دەرخستن پەیداکردوە، ئەمانە هەموو پێکەوە ئاسۆی سیاسی عێراقیان تاریك کردووەو تاریکتری دەکەن، بەردەوام بەزیانی بەرژەوەندی خەڵك پاڵی پێوەدەنێن.

مانەوەی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا لەم بارودۆخەدا، نەك فرسەت بۆ قووتبونەوەی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی کوێرانەیان لەناو کەشوهەوای سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستاندا گونجاوتر دەکات، بەڵکو مەترسی راکێشرانی کوردستان بۆ ناو شەڕی ئەهلیو تائیفیو قەومی کە ئێستا زەنگەکەی لەعێراقدا لێدەدرێ، دەکاتە ئەمری واقیع. بێگومان ئەم تاقمە تیرۆریستانەش دەبنە لایەنو فاکتەرێکی ئەم شەڕە کە بەپێی ماهیەتی دژەئینسانیان، دەورێکی خەتەرناکیان دەبێت لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستان. ئەمانە بێگومان لەو هەلومەرجەدا هێزی پشتەوەی رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، دەستەو تاقمەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی لەعێراقو ئیسلامی بنلادنی دەبنو دەتوانن مەترسی جدی لەسەر ژیانی خەڵكو ئاسایشو ئیستقراری سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستان دروست بکەن.

کەمبوونەوەی حەساسیەتی خەڵك بەرامبەر بەخەتەری ئیسلامی سیاسیو لەوەش قەباعەتتر، دەنگدانی بەشێکی خەڵك لەداخی گەندەڵیو چەتەگەریی دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیستی کورد، بەم گروپە تیرۆیستانە، هەموو کۆمەڵگای کوردستان دەخاتە بەردەم خەتەری ئەم تاقمە ئینسانکوژانەوە کە بڕوایان بەهیچ مافو بەهایەکی ئینسانی نییە. دەمدرێژی ئەم دواییانەی تیرۆیستانی ئیسلامی دژ بەئازادیخوازانو فتوای حەڵاڵکردنی خوێنی (مەریوان هەڵەبجەیی) نوسەر،

شمشێر بادانەکانیان لەسەر شەقامەکانی هەولێرو سلێمانی بۆ پەیوەست بوون بەخێڵی تیرۆریزمی ئیسلامی جیهانیەوە لەمەسەلەی کاریکاتۆرەکانی محمد، ئەوە نیشاندەدات کە ئەم بوونەوەرە سەیروسەمەرانە تا چ رادەیەك دڕندەنو تاچ رادەیەك ئامادەی تاوانکاریو خوینخۆرین ئەگەر فرسەتێکیان دەست بکەوێت. بۆیە دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەرامبەر بەهەڕەشەی ئەمانە خەمسارد نەبێت. هەرجۆرە کەمکاریو خەمساردیەکی ئێستا لەبەرامبەر ئەم دڕندانەدا، باجەکەی لەداهاتودا گیانی دەیان کەس لە خەڵکی ئازادیخوازو ژنانو لاوانی کوردستان دەبێت!